**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:١٥٥٤١ لە ٢٠٢٢/٧/٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٤)ی بڕگەی سێیەم لە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

## مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی و نوێ کردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی

**ماددەی (١):**

مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی و نوێ کردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی دەدرێت بە هاوڵاتیانی عێراقی دانیشتووی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی (٥) لە یاسای چەك.

**ماددەی (٢):** دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی چەك ئەم لایەنانەی خوارەوەیە:

١- وەزیری ناوخۆ.

٢- پارێزگارەکان.

٣- سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٣):**

بڕی تفاقی ڕێگەپێدراو بۆ چەکی ئاگرینی مۆڵەت پێدراو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- چەکی ئاگرین لە جۆری دەمانچە: (٤٥) فیشەك .

٢- چەکی ئاگرینی قەبارەی فیشەکی (٣٩ × ٧,٦٢م) : (١٢٠)فیشەك .

## ڕێکارەکانی داواکاری مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:**

١- پێشکەشکردنی داواکارییەك بۆ دەسەڵاتی مۆڵەتدان لە وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بۆ پێدانی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتن یان هەردووکیان بەیەکەوە کە هۆکار و پاساوی ڕەوای داواکردنی مۆڵەتەکە لە خۆگرتبێت لەگەڵ:

أ- شەش وێنەی ڕەنگاورەنگ قەبارە (٣×٤ سم).

ب-کارتی نیشتیمانی یان (ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی).

ج- هێنانی بەڵگەنامەی (عدم محكومية) لە بەرێوەبەرایەتییەکانی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان.

د- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئاسایش.

ه- هێنانی ڕاپۆرتی پزیشکی لە لایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی کە بیسەلمێنێت شیاوە بۆ دەستداری و هەڵگرتنی چەك لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و عەقڵیەوە.

٢- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، فۆرمێکی تایبەت بە دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت کە لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە و لە لایەن بەشی ناسنامەی چەك لە وەزارەت یان لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پڕدەکرێتەوە.

٣- پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەت پێدان، داواکاری پێشکەشکار یەکلایی بکاتەوە بە پێدانی ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی داواکارییەکە، دوای هەڵسەنگاندنی لە ڕووی هەبوون و بەجێهێنانی گشت مەرجەکان .

**دووەم:** دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بە پێدانی مۆڵەتی چەك و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی چەك ، بڕی رسوماتەی کە لە پاشکۆی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ هاتووە دەدرێت.

**سێیەم:** دوای بەدیهێنانی گشت مەرج و ڕێکارەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە و وەرگرتنی ڕەزامەندی دەسەڵاتی مۆڵەتدان فۆرمی پشتگیری ڕەزامەندی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەك (پاشکۆی ژمارە ٢) دەدرێت بە داواکار بۆ شوێنی فرۆشتنی چەك بە مەبەستی فرۆشتی چەك بە داواکار.

**چوارەم:** ناسنامەیەکی تایبەت بە مۆڵەت پێدانی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی دەدرێت بە داواکار کە دیزاینەکەی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێکخراوە بەپێی پاشکۆی ژمارە (٣)ی ئەم ڕێنماییە و دەخرێتە ناو داتابەیسی تایبەت بە مۆڵەت پێدان.

## مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی و نوێکردنەوەیان

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** پێدانی مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین یان شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەبێت:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەك لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و مۆڵەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ و هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە:

أ- شەش وێنەی ڕەنگاورەنگ قەبارە (٣×٤ سم).

ب- کارتی نیشتیمانی یان (ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی) خودی داواکار و ستافەکەی.

٢- تەمەنی داواکار و ستافەکەی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ڕەزامەندی ئاسایشی تایبەتمەند بۆ خودی داواکار و ستافەکەی.

٤- بەڵگەنامەی (عدم محكومية)ی داواکار و ستافەکەی.

٥- دەبێت داواکار و ستافەکەی لە ڕووی دەروونییەوە هیچ نەخۆشییەکیان نەبێت بە پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.

**دووەم:** دوای ڕەزامەندی پێدان، پێویستە فۆرمێکی تایبەت بە زانیارییەکان کە لە لایەن وەزارەتەوە ڕێك دەخرێت پڕبکاتەوە بەپێی پاشکۆی ژمارە (٤)ی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەت پێدان، داواکاری پێشکەشکار یەکلایی بکاتەوە بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی لە ماوەیەك تێپەڕ نەبێت لە (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی داواکارییەکە، دوای هەڵسەنگاندنی لە ڕووی هەبوون و بەجێهێنانی گشت مەرجەکان .

**چوارەم:** دانی بڕی رسوماتی هاتوو لە پاشکۆی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**پێنجەم:** لە دوای هێنانەوەی گشت مەرج و ڕێکارەکانی بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم)ی ئەم ماددەیە و ڕەزامەندی بە پێدانی مۆڵەتەکە، دیوارنامەیەکی تایبەت بە مۆڵەت پێدان بە قەبارەی (A4)بەپێی پاشکۆی ژمارە (٥)ی ئەم ڕێنمایییە بۆ هەر دوو مۆڵەتی چاکردنەوە و شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکە ڕێك دەخرێت و پێویستە لە شوێنێکی بەرچاوی شوێنکارەکەی هەڵبواسرێت.

**شەشەم:**

١- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار پارچە زەوییەك تەرخان دەکات لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان بە مەبەستی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ کە لە چەند شوێنێك پێك دێت و تەواوی خزمەتگوزارییەکان و مەرجەکانی سەلامەتی و ئەمنی تێدا دابین دەکرێت بە مەبەستی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تەقەمەنیەکانیان و چاکردنەوەیان و وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش سەرپەرشتی دروست کردن و بەرێوەبردنی ئەم کۆمەڵگایانە دەکات بە شێوازی P.P.P (هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت).

٢- دیزاینی کۆمەڵگا لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە لە وەزارەتی ناوخۆ دیاری دەکرێت.

**حەوتەم:** هیچ مۆڵەتێکی فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین نادرێت تا بڕگەی (شەشەم)ی سەرەوە جێبەجێ نەکرێت.

**ماددەی (٦):**

دەبێت شوێنی فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین تۆمارێکی تایبەت دابنێت و تێدا گشت زانیاری فرۆشتن و کڕینی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی و چاککردنەوەکەی تۆمار بکات لەگەڵ زانیاری کەسی کڕێکار و فرۆشیار و وێنەیەك لە ناسنامەی فەرمی هەر دوو لایەن و پسوولەی تایبەت بە وەرگرتن و ڕادەست کردنەوەی چەکەکەی ڕێك بخات و وێنەیەك بدات بە لایەنی سوودمەند و وێنەیەك لە تۆماری پسوولەکان لای بمێنەتەوە.

## ڕێپێدانی چەکی هێمایی

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** پێدانی دەستداریی چەکی هێمایی بەم ڕێککارانەی خوارەوە دەبێت:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەك ڕاستەوخۆ بۆ وەزیری ناوخۆ کە تیایدا ناوی چواری و ناونیشانی پێشکەشکار و زانیارییەکانی چەکە هێماییەکەی لەخۆبگرێت.

٢- لە دوای هەڵسەنگاندنی لە لایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدان و ئەژمارکردنی بە چەکی هێمایی و ڕەزامەندی پێدان لەسەر ڕێپێدانەکە، ئەوا بەڵگەنامەیەکی بۆ ڕێکدەخرێت تەنیا بۆ یەك جار.

٣- پێدانی ڕێپێدانی دەستداری چەکی هێمایی تەنیا لە لایەن وەزیری ناوخۆیەوە دەدرێت و بۆ یەك جار.

**دووەم:** دانی ڕەسم لە بڕی دەستداری چەکی هێمایی و ڕەسمی کارگێڕی بۆ پێشکەش کردنی هەر داواکارییەك بەپێی هاتوو لە پاشکۆی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**ماددەی (٨):**

ئەو بڕە ڕسومات و پێبژاردانەی کە لە پاشکۆی یاسای چەك دانراوە یەکەم جار دەخرێتەوە سەر ئەژمێری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و مۆڵەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ و بەپێی یاسای چەك دابەش دەکرێت لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی وئابووری.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك پێك دەهێندرێت بەناوی (لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین) بۆ بەدواداچوون و ڕادەی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٢٢ و ئەم ڕێنماییە ) بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك کە پلەی لە (ڕائد) کەمتر نەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆکان و ئەندامیەتی ئەفسەرێك لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ و ئەفسەرێك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ.

**دووەم:** لیژنەی بڕگە یەکەمی ئەم ماددەیە، لیژنەو سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە، ساڵانە دەگۆڕدرێت.

**سێیەم:** پێویستە ئەم لیژنەیە بە بەردەوامی سەردانی شوێنی چاککردنەوەو کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بکات.

**چوارەم:** لە کاتی بینینی هەر پێشێلکاری و سەرپێچییەك، لیژنە ڕاپۆرت بەرزدەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی مۆڵەتدان بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر پێشێلکاری و سەرپێچییەکان.

**شەشەم:** دەبێت لیژنە مانگانە ڕاپۆرتی تایبەت بە کارەکانی لیژنەکە لە سنووری پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بنێرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

**حەوتەم:** ریکلام کردن بۆ مامەڵەکردن بە کڕین و فرۆشتنی چەك بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێندراو) بەپێچەوانەی ڕووبەڕووی ڕێککاری یاسایی دەبنەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**هەشتەم:** سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ پێدانی مۆڵەتی چەك لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دیزاین دەکرێت کە تێدا داواکاری ئەو مۆڵەتانەی کە لە ماددەی (٤)/یەکەم لە یاسای چەك هاتووە.

**ماددەی (١٠):**

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماددەی (٥) بڕگەی (یەکەم/٦) وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت بە شێوازی P.P.P (هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت) شوێنی تاقیکردنەوەی شیاوی بەکارهێنانی چەك دادەمەزرێنێت لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەت، و بە بەیانێك مەرج وتایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنانە دیاری دەکرێت .

**ماددەی (١١):**

١- کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و نووسراو و فەرمانێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**پاشکۆی ژمارە (١)**

| وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ مۆڵەت ٤x٣ |
|---|

**وەزارەتی ناوخۆ**
**بەشی مۆڵەتی چەک**
**(فۆرمی زانیاری داواکاری مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی)**

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | نازناو | لە دایک بوون | ڕەگەز | گروپی خوێن | ڕەگەزنامە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

| ناوی دایک | شوێنی لە دایک بوون | پیشە | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| | | | |

**ناونیشان**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | شارۆچکە | گوند |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| گەڕەک | کۆڵان | ژمارەی خانوو | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|
| | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەرە ( الصحیفة ) | بەرواری دەرچوون | فەرمانگەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| ژمارەی پسولەی خۆراک | شوێنی دەرچوونی پسولە | بەرواری دەرچوونی پسولە |
|---|---|---|
| | | |

| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوون | بەرواری دەرچوون |
|---|---|---|
| | | |

**زانیاری چەک**

| جۆری چەک | ژمارەی چەک | بڕی فیشەک | مەبەست لە هەڵگرتن |
|---|---|---|---|
| | | | |

من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە بەڵێن دەدەم کە زانیارییەکانی ئەم فۆرمە ڕاست و دروستن و هەموو ڕێنماییەکانی یاسای چەکی ئاگرین ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ جێبەجێ بکەم بەپێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر یاسا .

ئیمزای داواکار

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەسەر ڕۆشنایی یاسای چەک لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی و نوێ کردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی ، بڕیارماندا بە پێدانی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین بە ناوبراو بۆ ماوەی تەنها یەک ساڵ لە بەرواری دەرچوونیەوە .

ناو و واژووی ڕێکخەری فۆرم

ناو و واژووی بەرپرسی بەش

دەسەڵاتی پێدان

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

| |
|---|
| وێنەی رەنگاو<br>رەنگ مۆڵەت<br>٤x٣ |

وەزارەتی ناوخۆ

بەشی مۆڵەتی چەک

**(فۆرمی زانیاری پێدانی مۆڵەتی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی)**

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | نازناو | لە دایک بوون | ڕەگەز | گروپی خوێن | رەگەزنامە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

| ناوی دایک | شوێنی لە دایک بوون | پیشە | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| | | | |

**ناونیشان**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | شارۆچکە | گوند |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| گەڕەک | کۆڵان | ژمارەی خانوو | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|
| | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەرە ( الصحيفة ) | بەرواری دەرچوون | فەرمانگەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| ژمارەی پسولەی خۆراک | شوێنی دەرچوونی پسولە | بەرواری دەرچوونی پسولە |
|---|---|---|
| | | |

| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوون | بەرواری دەرچوون |
|---|---|---|
| | | |


**زانیاری چەک**

| جۆری چەک | ژمارەی چەک | بڕی فیشەک | مەبەست لە هەڵگرتن |
|---|---|---|---|
| | | | |

مۆر

دەسەڵاتی پێدان

**پاشکۆی ژمارە (٣)**






| | |
|---|---|
| وەزارەتی ناوخۆ<br>بەشی مۆڵەتی چەک | **پاشکۆی ژمارە (٤)**<br><br>**(فۆرمی زانیاری خاوەن وستافی مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین<br>یان شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی)** |

| وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ<br>مۆڵەت<br>٤x٣ |
|---|
| |

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | نازناو | لە دایک بووی | ڕەگەز | جۆری خوێن | ڕەگەزنامە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

| ناوی دایک | شوێنی لە دایک بوون | پیشە | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| | | | |

**ناونیشان**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | شارۆچکە | گوند |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| گەڕەک | کۆڵان | ژمارەی خانوو | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|
| | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەرە ( الصحيفة ) | بەرواری دەرچوون | فەرمانگەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| ژمارەی پسولەی خۆراک | شوێنی دەرچوونی پسولە | بەرواری دەرچوونی پسولە |
|---|---|---|
| | | |

| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوون | بەرواری دەرچوون |
|---|---|---|
| | | |

من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە بەڵێن دەدەم کە زانیارییەکانی ئەم فۆرمە ڕاست و دروستن و یاسای چەکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە مۆلەتی دەستداری و هەڵگرتن و نوێکردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی جێبەجێ بکەم بەپێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر یاسا .

ئیمزای

ناو و واژووی ڕێکخەری فۆرم — ناو و واژووی بەرپرسی بەش

دەسەڵاتی پێدان

---

**پاشکۆی ژمارە (٥)**

| | | |
|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**<br>**بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و مۆڵەت پێدان** | (ISO 9001: 2015) | **ژمارەی مۆڵەت:**<br>**بەروار:** / /<br>**ماوەی مۆڵەت: یەک ساڵ** |

## مۆڵــــــــــەت

پاڵپشت بە ماددەی (٥) لە ڕێنمایی (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە (مۆلەتی دەستداری و هەڵگرتن و نوێکردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی) و پاش تەواوکردنی گشت پێداویستیەکانی پێدانی مۆڵەت بە ( ) بۆ کارکردن لە بواری **(چاککردنەوە ) / ( کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین وتفاقەکەی)** بۆماوەی یەک ساڵ لەڕێکەوتی ( / / ٢٠ ).

**بەڕێوەبەری گشتی دیوان**